## لەپای چی ڕێبین هەردی، بۆ لەسێدارەدانی سەدام حسەین بەداخە؟!

عەباس شوان
AbasShiwan–Finland

ڕووداوی لەسێدارەدانی دیکتاتۆر سەدام حسین، قسەوباسی فرە زۆری بەم چرکەساتەشەوە بەدوای خۆیدا هێنا. دیارە لەم پەیوەندەدا نووسەرانی کورد بەباش و خراپیانەوە هێنایە پەیڤین. ئەوەی تا ئێستا جێی ڕامان و




لەسەر وەستانە، ئەو قسەوباسانەیە کە ڕێبینی ئەحمەد هەردی لەدوو* شوێنی جیاوازەوە دەربڕیبوون.

لەوانەیە بەشێکی زۆری دید و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ ئەو ڕووداوە تا ئاستێک بەلامەوە پەسەند بێت. ئەوەی جێی هەڵویستە و لەسەر ڕاوەستانە ئەو گومان دروستکردنەیە لەبەرامبەر دادگا و سیستەمی دادپەروەری بەگشتی.

(**...دادگا، بەهێزترین دەسەڵات بێت...قەڵای سەرەکی پاراستنی مافی تۆمەتباران بێت**... لای ڕێبین لەوکاتەوە ئەوە پرینسیبانە پێشێل کرا کە **دادوەر ڕزگار لەژێر فشاردا دوورخرایەوە**...) بەکەمێک دەسکارییەوە لەگۆڤاری لڤین ژمارە 48 جەنیوەری 2007 لاپەرە 25، وەرگیراوە.

ئەو پەیڤانە لەسەر زەوی ناخوات، کێ هەیە ئەوەی ڕێبین هەردی دەیڵێت و خوازیارییەتی پێی باش و چاک نەبێت؟ کێشەکە لەوە بەرینترە.
کاتێک ئەمەریکا هاتە نێو عێراق و کوردستانەوە، لای خۆمەوە وتم مەمنوونی ئەمەریکا دەبم لایەنی کەم لەسەدا 25 کەلتووری ڕۆژئاوایی تەتبیق بکات، بزانە ئەو کاتە چ گۆڕانێکی گرنگ لەنێو کۆمەڵگا ڕوودەدات. ئەمە لەئێستا و چەند ساڵی داهاتووشدا ناکرێت و ئەنجام نادرێت، بڵێن چی و خۆڵی کوێ بکەین بەسەرماندا؟!
کێشەکە لەوەدایە وەک مارکسییەکان پەلەمانە، فەوری سەوریمان گەرەکە.

با وای دابنێن هەموو ئەو شتانەی ڕێبین پێی باشە بەتەواوی دەقاودەق جێبەجێ دەکرێت؟ بەڵام، لەکوێ و بەسەر کام کەس؟ خۆ ناشیرین نییە، بەگەمەی سیاسی دیموکراتی و دەنگدان و هەڵبژاردن، لەفەلەستین و جەزائیر و میسر بیشوبهێنین و بەبیرخۆماندا بهێنینەوە، کە هێزە ئیسلامییەکان چییان کرد؟ بینیمان لەو هاوکێشەیەدا کێ بردییەوە؟ گەر هەمان شت لەمەسەلەی دادگایی سەدام و دارودەستەکەی تەتبیق بکرێت، بەپاکانە لێکنەدرێتەوە، بێگومان ئەو کات دادوەر و پارێزەر و شکایەتکار تاوانبار دەردەچن! ئەوەیش بەڕێشی کێ ڕەوایە؟


لێرە بەدواوە هەموو بەرەبەیانی جەژنێک، یادی لەسێدارەدانی سەدامە

لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان بەگشتی ئاشنا نین بەکەلتووری مۆدێرن و پێشکەوتوو، زۆر ئاساییە تیورەکان وەک ئەوەی هەیە تەتبیق نەکرێت و بەلاڕێدا ببرێت، تۆ باسی شتێک بکەیت و بۆ شتێک هاتبێت ئەوەی بەرامبەرت مێش میوانی نەبێت و

**لەخەیاڵی خۆدا بێت! سەرەڕای ئەوە هەزار لقوپۆپی لێدەکاتەوە و دەیبات بۆ مەسەلەی تر. وەک ئەوەی سەدام زۆر جار دەیویست ڕەورەوەی دادگایی کردنەکە بەرەو سیاسەت و دژایەتی ئەمەریکا و شتی تر بەرێت! ئەمە لەکاتیکدا ئەو باسانە هی ئەو شوێنە نییە، ئەوانەشی هاتوون پسپۆری شتیکی ترن نەک سیاسەت. سەرەڕای ئەوەیش نەئەوەی لەو ڕووداوەدا بینیمان و نەئەوەی ڕێبین هەردیش دەیڵێت....** 070123

**ـــــــــــــــــ**

*** هەفتەنامەی ئاوێنەی ژمارە**51 **ڕۆژی** 070109 **لاپەڕە** 18**، ناونیشان: چاوپێکەوتن: لێرە بەدواوە هەموو بەرەبەیانی جەژنێک، یادی لەسێدارەدانی سەدامە.**

**گۆڤاری لڤین ژمارە** 48 **جەنیوەری** 2007 **لاپەرە** 25**، ناونیشان: لەسێدارەدانی سەدام و چەند سەرنجێک.**